Kurdistannet کوردستان نێت

پشکۆ نەجمەدین

# توانەوە لە ئەشقدا

ئاشق دەبین...
دەبین بە "با"،
بە ئەستێرە،
بە ئاسمان و رەنگی زەریا..
دەبین بە گوڵ،
بە دارستان،
باڵامان دەبن بە چیا!.

ئەشق دەکەین...
بێ لە خۆمان، ئێمە لە هیچ رانامێنین،
بێ لە ئەشق، ئێمە بۆ هیچ دانامێنین.
هەمووشتان لە ئێمەدان،
ئێمە دەبین بە هەمووشت،
بێ پەیڤ لەگەڵ رۆحی گەردووندا دەپەیڤین!.

## ناشتن*

ماچێک و
دوو ماچ و
سەد ماچ و هەزار ماچ...
پاشانیش ماچێ ترا!.
گەردنت ئازاد بێ و گەر دەکرێ
لە گۆڕی ماچێکدا بمنێژە!.

## وەهم

لەم شوێنەی من لە ونبوویەک دەگەڕێم،
جیهانێک لە شت ون بووە...
ونبووی من؛
تەنیا سەرابە و هیچی ترا!.

* شیلەی شیعرێکی شاعیری گەورەی عەرەب، نزار قەبانیی لێ دەتکێ!.